# تەقینەوەکانی کوردستان و چەند سەرنجێک

## گۆران هەڵەبجەیی

یەکێک لەو خاڵە گرنگانەی کە کوردستانی لە عێراق جیا دەکردەوە مەسەلەی باری ئەمنیەتە. دوای هەرەسی ڕژێمی سەدام عێراق بووە گۆڕەپانی کاری تەرۆرستی، لەو دەمەوە تا هەنووکە ڕۆژێک تینەپەڕیوە بەبێ ڕوودانی چەند کارێکی تەرۆرستی کە بەردەوام ژمارەیەکی زۆر قوربانی لەتەک خۆیا بردووە.

لێ کوردستان لەو ماوەیەدا لەوکردەوانە بەدووربوو، ئەمەش وای کردبوو کە هاوڵاتیانی کوردستانی و دەسەڵاتدارانیش شانازی بە دەڤەرەکەیانەوە بکەن وهاوکات بیانیەکانیش بە چاوی ڕێزەوە بڕواننە کوردستان،تەنانەت زۆر لە دانیشتوانی شارەکانی عێراق بۆ سەیران و پشوودان روویان لە کوردستان دەکرد. هەر لەم ڕوانگەیەوەدەبینین زۆرێک لە کۆمپانیاو دەزگا ئابووریە جیهانیەکان لە کوردستاندا سەرمایە گووزاری بکەن، کە بەمەش کوردستان لە ڕووی ئابووریەوە گەشەبکات.

لە لێدوانەکانیاندا بۆ میدیاکان دەسەڵاتدارانی حکومی و بەرپرسانی ئاسایشی هەردوو ئیدارەکە ستابیلی دۆخی ئەمن و ئاسایش دەگەڕێننەوە بۆ لێهاتووی و چابووکی و شارەزایی دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش و سوپای کوردستان.

لێ دووای ئەو دوو تەقینەوەی هەولێر دەرکەوت کە مەسەلەکە بەو جۆرە نیە و ئەو دەزگایانە تژین لە کەمووکووڕی.

من گومانم لە دڵسۆزی و گیانفیدایی وئازایەتی زۆرێک لەو کەسانە نیە کە لەو دەزگایانەدا کاردەکەن، وەلێ تەنها دڵسۆزی وئازایەتی لەو جۆرە حاڵەتانەدا دادنادات گەربێت و ڕەچاوی هەندیک ڕێگای دیکەی گرنگ نەکرێت کە پاشان باسیان لێوە دەکەم.

ئەوەی ئەمڕۆ ئاگاداری پێکهاتەو چۆنیەتی کارکردنی ئەو دەزگایانەبێت دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە دزەکردنی تەرۆریستان بۆ نێو کوردستان مەحاڵ نیەو بگرە لە هەندیک شوێندا ئاسانیشە.

بابزانین کین ئەوانەی لەو شوێنە هەستیارانەدا کاردەکەن و بە چ میکانیزمێک دەبرین بەریوە؟

1} بەشێکی زۆری ئەوانەی دەبنە پۆلیس یا ئاسایس یا سەرباز نەخوێندەوارن یا کۆلکە خوێندەوارن.

2} هۆکاری کارکردنیان لەو شوێنانەدا پتر دەگەڕێتەوە بۆ بەرزی مووچەی مانگانەو هاوکات وەدەست نەکەوتنی کاری گوونگاوبەخۆیان.

3} هەموویان بە فلتەری حیزبدا تیپەریون و وەلاو دڵسۆزیان بۆ حیزبەکە لەسەروو دلسۆزی بۆ گەل و نیشتمانە.

5} نەبوون یا کەمی ئەزموون لە بوارەکەیدا کەئەمەش زۆرگرنگە،مەبەست لەمەش شارەزاییە لە چۆنیەتی ناسینی گومانبار،چۆنیەتی ئاخافتن ودەرکێشانی زانیاری لێی ،جۆنیەتی پشکنین، چۆنیەتی کۆنترۆل کردن و پاراستنی شوێنە هەستیارو گرنگەکان.

6} گرنگیەکی لەزیادەبەرەر لە پەروەردەی جەستەیی لەسەر حسابی  پەروەردەی دەروونی و کەسایەتی و بەخشینی زانیاری بەسوود.
7} بوونی کەسانی ناپاک و پەیوەندیدار بە باندە تەرۆریستەکانەوە لەنێو کارمەندانی ئەو دەزگایانەدا کە بەردەوام زانیاریان پێدەگەیەنن.

هاوینی پارساڵ سەردانی کوردستانم کرد لە زاخۆوە تا سلیمانی بە دەها خاڵی پشکنیندا تێپەریم ، لە سلیمانیەوە سەردانی  هەڵەبجەو پێنجوێن  و پاشانیش کەلاروکفری م کرد. لەم ڕێگایانەشدا چەندین خاڵی پشکنین هەن کە بەرای من زۆربەیان زیادەن و ئەرکیان تەنها ڕاپەڕاندنی کاری ڕۆتینیە.
با  کاری یەکیک لەو خاڵی  پشکنینانە بە نمونە باس بکەم.

سڵاو
سڵاو لە خۆت
بۆ کوی دەچن؟
بۆ ----------
لە کوێوە هاتوون؟
لە----------
بێزەحمەت هەویەکانتان.
فەرموو
چی لە سندووقەکەتاندا هەیە؟
هیچی تیدا نیە.
فەرموو برۆن خواتان لەگەڵ.
{هەنێک جار سندووقەکە بە سادەیی دەپشکنن وەڵی گەر مرۆڤ هەنێک رووخۆش بێت و دوو قسەی خۆشیان بۆ بکات وکەمیکیش بە باڵایاندا هەڵبدات ئەودەمە لە پشکینێس ڕزگاری دەبیت}
جاگەر لێپرسینەوەو پشکنین و کۆنترۆل لەو خاڵانەدا بەو جۆرە بیت بەڕای من دەربازبوون لێیان ئاسانەو تەنهاهەندیک زیرەکی دەویت کە ئەوەش لە کن تەرۆریستان زەحمەت نیە، چونکە ئەوانە بۆ گەشتن بە ئامانجەکانیان هەموو جۆرە فرۆفیڵ و داهینانێک بەکار دەهێنن.
بۆ نمونە دەتوانن جۆرەها ناسنامە تەزویر بکەن ، خۆیان لە بەرگی پۆلیس سەرباز پزیشک مامۆستای ئاینی تاد ببیننەوە.
دەتوانن جۆرەها ماشین بەکار بهێنن لە تەکسی بارهەلگر تەنکەر ئاگر کوژێنەوە ئەمبولانس تاد.
کەس نکولی لەوەنیە کە دیاردەی تەرۆر دیاردەیەکی جیهانیە، لە زۆر ولاتانی پێشکەوتوودا ڕوودەدات ، هیج ولاتێکیش ناتوانیت گەرەنتی بدات و پرۆپاگەندەی ئەوەبکات کە کاری تەرۆر لە ولاتەکەیدا هەرگیز ڕوونادات.

جاکەواتە کوردستانیش لەو حاڵەتە بەدەرنیە . لێ گەرهات وئەو دەزگایانەی پاراستنی نیشتمان و گیانی هاولاتیانیان لە ئەستۆ گرتووە بەشێوازی نوێ وگرتنەبەری تاکتیک ومیکانزمی گوونجاو دەستەبەرکردنی پێداویستی باش ئەودەمە کاری تەرۆریستیش رووبدات بێگومان زیانەکان کەمتر دەبیت لەچاو ئەو چەند کردەوە خۆکوژیانەی کە لە هەولیر ڕوویاندا، کە بەراستی کارەساتی مەزن بوون.

بۆ کۆنترۆل کردنی باری ئاسایش و کەمکردنەوەی کاری تەرۆریستی گەرەکە ئەم خالانە زۆر بەهەند وەربگیریت.

1}تۆکمەکردنی خاڵەکانی تەماس لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بەتایبەیی ئێران کەلە ناوچە سنووریەکان کەمپینی بۆ دڕندەکانی ئەنسار ئیسلام کردووتەوەو لەوێشەوە دزەدەکەنە ناو کوردستان. بەدووریشی نازانم کە ڕووداوەکانی دوێنێی هەولێرو هەڵەبجە لەودیو سنوورەوە نەخشەی بۆکێشرابێت. چونکەهەڵوێستی دراوسێکانمان ئاشکرایە بەرامبەر بە کورد بەتایبەتیش پاش دەستنیشانکردنی کاک مەسعود بۆ سەرۆکی کوردستان، کە ئەوان بە هەنگاویک بەرەو سەربەخۆیی دەبینن.

2}بەهێزکردنی ئەو خالانەی کە کوردستان دەبەستێتەوە بە مووسڵ ودیالەو کەرکوکەوە. ئەویش بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو لەبری ئەوژمارەزۆرەی پۆلیس و ئاسایس کەزۆرجار سەرقالی و قەرەباڵغی لێدەبێتەوە.

3}پاککردنەوەی ئەودەزگایانە لە کەسانی مشەخۆرو بێ تواناو ناپاک و پەیوەندیداربە دووژمنان و تەرۆریستە ئیسلامیەکان.

4}گرنگی دان بە دەوڵەمەند کردنی پۆلیس و ئاسایش لە ڕووی تواناو شارەزایی وکۆکردنەوەی زانیاری و پاراستنی نهینیەکان.

5} لە بری هەوڵدان بۆ سیخوڕیکردن بەسەر یەکتری و بەسەر حیزبە دڵسۆزەکانەوە پێویستە هەردوو ئیدارەکە چاودیری بەردەوام و تووند وتۆڵ بەسەر ئەو لایەن و کەسانەوە بکەن کە مەترسی و گومانیان لێدەکریت.

6} گروپە تەرۆریستەکان خڵکانی دڵسۆزیان لە نێو دامودەزگاکانی دەوڵەتدو مزگەوت و کۆمەڵگاداهەیە کە زانیاری ووردیان پێ دەبەخشن،جابۆ دژەکردار گەرەکە دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس بەوریاییەوە کار لەوشوێنانەدا بکەن کە بۆنی بوونی هەودارانی تەرۆریستانی لێدێت.

7} لێپرسینەوەی توونودتیژ لەگەڵ ئەو بەرپرس و کەسانەی کە پەیوەندیان بە پاراستنی باری ئاسایشی هاوولاتیانەوە هەیە. بە بێ گوێ دانە پلەو پایەو پۆستی حیزبی و ئیداری. وە دەرکردنیان لە شوێنەکانیان ، تا دەگات بە سزادانیشیان ، گەر هات و دەرکەوت کەمتەرخەم بوون لە کارەکانیاندا.

بەداخەوە تا ئێستا چەندین کارەساتی جەرگبڕ روویداوەنەماندیوەو نشمان بیستووە کە ئەفسەرێکی پۆلیس یا بەرپرسێکی وەزارەتی ناوخۆ لێپرسینەوەی لەگەڵداکرابێت یا لەسەر کار لادرابێت. خۆ گەر لەوە گچکەتریش لە ئەوروپا ڕوویبدایە نەک بەرێوەبەری

پۆلیس بەڵکو وەزیری ناوخۆش خۆی دەکشانەوە، لە هەندێک حالەتدا حکومەتیشی پێدەڕووخێت.